پوتن بە داواکاریەکەی ترەمپ رازیبو؛ ئاسمانی قەنزولا کرایەوە

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، ڤلادمیر پوتن هاوتا ڕوسییەکەی لەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ڕاگرتنی بڕدومانەکانی ئۆکرانیا و دەشێت، "تەواوی ئاسمانی قەنزولا بەووی فڕۆکەوانیدا دەکرێنەوە و کۆمپانیا گەورەکانی نەوتیش دەست بە گەڕان بەدوای نەوتدا دەکەن".

دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندوە، "بە شێوەیەکی شەخسی داوای لە ڤلادمیر پوتن کردوە کە بڕدومانکردنی شارەکانی کیێف و ئۆکرانیا لانیکەم بە ماوەی هەفتەیەك ڕابگرێت، پوتنیش بەو داواکاریە ڕازی بوە".

لەلایەکی دیکەشەوە ترەمپ باسی لەوەکردوە، "حەماس بەشدارێکی سەرەکی بو لە گەڕانەوەی هەمو بارمتەکان، ئێستاش دەمانەوێت حەماس چەکەکانی خۆی ڕادەستبکات و حەماسیش بەدنیاییەوە ئەو کارە دەکات".

سەبارەت بە قەنزولا ترەمپ دەڵێت، "تەنها قسەم لەگەڵ سەرۆکی قەنزولا کردوە و ئاگادارم کردوەتەوە کە بە تەواوی ئاسمانی بازرگانی بەسەر وڵاتەکەیدا دەکەینەوە،

هاوەپاتیانی ئەمریکیش زۆر بە زویی دەتوانن گەشتبکەن بە قەنزوێلا و سەلامەت دەبن".

تره‌مپ جه‌ختیکرده‌وه‌ که‌ "ئابوری ئه‌مریکا له‌ دۆخێکی زۆر باشدایه‌، ئێمه‌ش به‌سه‌ر ئه‌و کابوسه‌ هه‌ڵاوسانه‌دا زاڵ بوین که‌ له‌ سه‌رده‌می جۆ بایدندا ڕویدا و گه‌شه‌یه‌کی ئابوریی گه‌وره‌مان به‌ده‌ستهێنا، هه‌روه‌ها توانیمان ئاسایشی نیشتمانی باش له‌ سایه‌ی باجه‌وه‌ مسۆگه‌ر بکه‌ین، هه‌روه‌ها به‌هێزی ئه‌وانه‌وه‌ داهاتێکی بە وێنه‌مان به‌ده‌ستهێنا".